Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.26 23:36:45 +01'00'

# بانگەواز

**حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانیو کوردستانییەکان!**

**کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ!**

**ئینسانە ئازادیخوازەکانو لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنیو ئازادی!**

ئێمە پەناخوازانی ئێرانی کە ماوەی ٢ تا ٧ ساڵ دەبێ بە هیوای خۆ رزگار کردن لە جەهەننەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو گەیشتنە شوێنێك بۆ حەوانەوەو دابین کردنی ئەمنییەتو ئاسایشی خاوخێزانمان، خۆمان لە ئۆفیسی UNHCR لە شاری "وان"ی تورکیە ناساندووە. بەڵام بەداخەوە داواکارییەکانمان کە بەخشینی مافی پەنابەری بوو، لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە روت کرایەوەو پاش ماوەیەك کەیسەکانمان داخرانو UNHCR هیچ بەرپرسایەتییەکی سەبارەت بە گیانو ئەمنییەتی ئێمە قبووڵ نەکرد.

**هەربۆیە بە پێویستی دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە رابکێشین**:

-هەر چەند زۆربەی هەرە زۆری ئێمە بەشێکی زۆر لە تەمەنی خۆمان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلانی ئێرانو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو ئازادیی بیروڕا دەربڕینو چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دا بەخت کردووەو لەو پێوەندییەدا بەڵگەی پێویستو حاشاهەڵنەگرمان بەدەستەوەیە، بەڵام بەداخەوە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە بەبێ وەبەرچاوگرتنی بارودۆخمان، تووشی ئەو چارەنووسە تاڵە هاتووین.

-لە راستیدا بەهۆی خێزانداربوونمان تووشی دەیان گیروگرفتی وەك دەست تەنگیو نەبوونی خەرجی خۆراكو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانو تەنانەت دابینکردنی کەرەسەی خوێندنی منداڵەکانمان بووینو هەر کاتێکیش بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکی ماڵی یان دەرمانی سەردانی UNHCR دەکەین بەراشکاوی پێمان رادەگەیەنن: چونکە ئێوە لەلای ئێمە فایلەکانتان بەستراوە، ئێمە هیچ هاوکارییەکتان ناتوانین بکەین. ئەمە لە کاتێك دایە کە بەپێی بڕیاری رەسمیی وڵاتی تورکیە هیچ پەنابەرێك حەقی کار کردنی نیەو هەر کەسێك کە لە کاتی کار کردن دا بگیرێ، لەلایەن پۆلیسەوە سزایەکی یەکجار قورسی ماڵی بەسەردا دەسەپێندرێو مەترسی سنووورداشکردنەووەش وەك مۆتەکە بەسەر سەرییەوە خول دەخوا.

به ئاماژه بەو خاڵانەی سەرەوە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامـــە کـە لـە وەزعو حـاڵێکی وادا دەبـێ لـەباری خواردن، پۆشاك، لەش ساغی، ئابووریو پەروەردەکرنی منداڵەکانمانەوە لەچ بارودۆخێکی نالەبار دا دەژین.

بەڕێزان هەروەك لەسەرەوە بە کورتی ئاماژەی پێدراوە، ئێمە بـەهۆی رابردوویـەك کـە لـە کەیسـەکانماندا بەراشـکاویو بـە نیشـانداںو هێنانـەوەی بەڵگـە بـۆ UNHCRمـان سـەلماندووە، ئـەو ژیانـە پـڕ لـــە دەردو مەینەتییەمان قبووڵ کردووەو بە هیوای ئەو رۆژە کە کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ ئاوڕێك لەو کۆمەڵە ئینسـانە لێقـەوماوە بدەنـەوە کـە بـۆ رزگـار کردنـی منداڵـە مافخوراوەکانیـان کـە لـە سەرەتاییترین مافەکانیانو لە پێشەوەی هەموانەوە فێربوونی زانست بێبەش کراون، لایەکمان لـێ بکەنەوە.

**لەوپێناوەدا داواکارین**:

١-ئیمکانی پێداچوونەوەی سەرلەنوێو ورد بە فایلەکانمان لەلایەن UNHCRو هەروەها بەخشـینی مـافی پەرنابەریمان.

٢-چاوخشاندنێك بە وەزعی ماڵیو پێکهێنانی هەلو مـــەرجێك بـۆ کـەڵك وەرگرتنمـان لـە یارمەتییـە دەرمانییەکان.

٣-ناردنی فایلەکانمان بۆ بالیۆزخانەی ئەو وڵاتانـــەی پەنابـەر وەردەگـرنو نیشـتەجێ کردنمـان لـە وڵاتـی سێهەمدا.

٤-لابردنی مۆتەکەی سنووورداشکردنەوە لەسەر سەرمان لەلایەن هـێزە ئەمنییەتییـەکانی تورکیـەوە بـۆ ئێران یان عێراق.

چاوەڕێی هاوکاریو هاوخەمییو بەدەنگەوە هاتنی هەموو کۆڕو کۆمەڵو ئینسانێکی ئازادیخوازین.

بەسوپاسەوە

**پەناخوازە ئێرانییە پەروەندە بەسراوەکان**

**وان — تورکیە**

**٢٠٠٤/١/٢٠**